کۆنگرەی نیشتیمانی لە دیدی چاودێرانەوە

ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن قبوڵمان نیە جارێکی تر کورد تەنها وەکو ناوبژیوانێک بچێتە نێوان لایەنەکان

د. محەمەد ئەحمەد:

مامۆستایەکی زانکۆ

دالدەدانی هاشیمی لە هەرێم، گرفتە بۆ کورد

راپۆرتی/ هیوا فەقێیانی

دوابەدوای دروست بوونەوەی قەیرانە سیاسیەکانی عێراق بۆ، جارێکی تر و دروست بوونی ئاستەنگ و ناکۆکی لە نێوان هێز و لایەنە جیاجیاکاندا لە عێراقی فرە چەشن، جارێکی تریش داوای کۆبوونەوەی لایەنەکان دەکرێ لە دەوری یەک مێز و لە ژێرناونیشانی کۆنگرەی نیشتیمانی کە مام جەلالی سەروک کۆمار بەو دەستپێشخەریە هەستاوە، لە ئێستادا بانگهێشتی لایەنەکان کراوە و خەریکی ئامادەکارین بۆ ئەو کۆنگرەیەی کە ئەگەری هەیە ئاراستەی سیاسی عێراق بۆ ماوەیەک بەرەو هێور بوونەوە ببات.

(د. محەمەد ئەحمەد ـ ئەندامی خولی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەمەڕ پرسی ئەگەری چارەسەری کێشەکان بەهۆی ئەم کۆنگرەوە بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو گوتی: بەداخەوە ئەوەندە کۆنگرە کراوە، بەڵام بەرئەنجامێکی زۆر ئیجابی نەبووە، هەرچۆنێک بێت کێشەکان بەو هۆیەوە بەرەو هێورکردنەوە بۆ ماوەیەکی کاتی چارەسەر بووە. د. محەمەد دەڵێ: ئەم کۆبوونەوانەی رابردوو جۆرێک لە دواخستن و هەڵپەساردنی تێدابووە، بەڵام ناوبراو پێی وایە: ئێستا ئەمەل هەیە، چونکە ئێستا بارودۆخەکە زۆر خراپە لانی کەم ئەو کۆنگرەیە بارودۆخەکە تۆزێک هێور دەکاتەوە، ئەو قەیرانەی کە ئێستا دروست بووە ئەگەری هەیە بتوانێ ڕێژەیەک لەو قەیرانە کەم بکاتەوە و بتوانێت جارێکی تر لایەنە سیاسیەکان پێکەوەو لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا کۆبکاتەوە و بتوانن هاوکاری یەکتری بکەن.

هەروەها د. محەمەد لەبارەی پرسی کورد و چۆنیەتی بەشداری کردنی لەو کۆنگرە نیشتیمانیە رایگەیاند: لەڕاستی دا کورد خاڵی بەهێزی زۆرە ئەگەر بتوانێ بە ڕێکوپێکی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەویش ئەوەیە کە پێشان پێویستە ناو ماڵی خۆی ڕێکبخات و بە بەرنامە و دیدێکی ڕۆشنەوە هەوڵبدات ئاشتەواییەکی نیشتیمانی گشتی دروست بێ لەسەر ئاستی عێراق، وتیشی: کێشە هەڵپەسێراوەکانی کوردیش بەشێک بێ لەو قەیرانە چارەسەر کراوانەی کە لەو کۆنگرەیە ئەولەویاتی کاری لایەنی کوردی بێ با ڕێژەیەکی کەمیشبێ، گرنگ بەشێک بێ لەو چارەسەرانە.

(د. کەنعان ـ مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سلێمانی) لەبارەی هەمان بابەتەوە بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو دەدوێ و پێی وایە ئەو کۆنگرە نیشتیمانیە کێشەکانی عێراق چارەسەر ناکات و دەڵێ: لەو باوەڕەدانیم ئەو کۆنگرە نیشتیمانیە کێشەکان چارەسەر بکات، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بێتە هێورکەرەوەیەک و گەیشتن بە جۆرێک لە رازی کردنی لایەنەکان، بەڵام بەپێی کۆمەڵێک پێشهات و بارودۆخ کە لەئێستادا زۆر ئاڵۆزەو گرژیەکان زۆر زۆرن و بەرژەوەندی و قازانجەکان بەتەواوی دژیەک بوونەتەوە. د. کەنعان زیاتر دەڵێ: لەبەرئەوە من وانازانم هەر وا بە ئاسانی بگەنە چارەسەری کێشەکان و شتەکان بە ئاقارێکدا بشکێتەوە، هەموو گروپ و لایەن و هێزەکان ڕۆڵیان هەبێ لە کاری سیاسی و سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا دروست ببێ، چونکە دەبینی ئەمڕۆ بەتەواوەتی پشێوی لە نێوان گروپەکاندا دروست بووە، باوەڕناکەم بە ئاسانی هێور بکرێتەوە، ناوبراو وتیشی: لەلایەکەوە حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی مالیکی بە شێوەیەک گەمەی سیاسی دەکات بە جۆرێک حیساب بۆ هیچیەک لە یاریکەرەکانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق ناکات، د. کەنعان لەبارەی کورد وەکو تەرەفێکی گۆنگرەکە لەگەڵ د. محەمەد ئەحمەد هاوڕایە و دەڵێ کورد خاڵی بەهێزی هەیە و دەتوانێ لەو کۆنگرەیەدا سودیان لێ ببینێ و بەکاریان بهێنێ: بێگومان کورد خاڵی بەهێزی هەیە و هەم خاڵی لاوازیشی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا کورد کاری لەسەر دەکات بریتیە لە جۆرێک لە ناوبژیوانی و پاراستنی تەوازن لەنێوان هێزەکاندا، من پێموایە ئەوە لە روویەکەوەیە کە کورد حەزدەکات هێزەکانی تر نەمرن لە عێراقدا و تەوازنێکی سیاسی لە نێوان هێزەکانی عێراقدا دروست ببێ، چونکە لە گۆڕەپان و پرۆسەی سیاسی عێراقدا ئەگەر کورد بەتەنها بمێنێتەوە بەو حکومەت و دەسەڵاتەی ئێستای مالیکی ئەو کاتە کورد بە تەواوەتی دەکەوێتە لاوازیەوە، لەبەرئەوە دەستپێشخەری و چارەسەری کورد بۆ دروستکردنی باڵانسێک و تەرازویەک لە نێوان کۆی هێزەکاندا من پێم وایە لەم بارووداوەدا بە بەرژەوەندی کورد دەشکێتەوە، بۆیە ئەمە زۆر پێویستە.

بەهۆی تۆمەتبارکردنی بەوەی دەستی هەبووە لەگەڵ تیرۆریستان ماوەیەکە تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار لە بەغدا نەماوە و لە ئێستادا لە هەرێم دادەنیشێت و بەشێک لە هۆکاری ناکۆکیەکانی ئێستای عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسە، ئەگەرچی قسە هەیە لەسەر ئەوەی ئەو پرسەی هاشمی لە کۆبوونەوەکەدا باس نەکرێ، بەڵام د. کەنعان مامۆستای زانکۆ پێی وایە ئەوە دەبێتە گرفت بۆ کورد، بۆیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: دالدەدانی هاشمی لە هەرێم لەراستی دا گرفتە، چونکە ئێستا حکومەتی عێراق و مالیکی بە رووبی داوای ئەوە دەکەن کە هاشمی رادەستی حکومەتی مەرکەزی بکرێتەوە، کوردیش تا ئەم کاتە لەبەرئەوە من وانازانم هەر وا بە ئاسانی بگەنە چارەسەری کێشەکان و شتەکان بە ئاقارێکدا بشکێتەوە، هەموو گروپ و لایەن و هێزەکان ڕۆڵیان هەبێ لە کاری سیاسی و سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا دروست ببێ، چونکە دەبینی ئەمڕۆ بەتەواوەتی پشێوی لە نێوان گروپەکاندا دروست بووە، باوەڕناکەم بە ئاسانی هێور بکرێتەوە، ناوبراو وتیشی: لەلایەکەوە حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی مالیکی بە شێوەیەک گەمەی سیاسی دەکات بە جۆرێک حیساب بۆ هیچیەک لە یاریکەرەکانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق ناکات، د. کەنعان لەبارەی کورد وەکو تەرەفێکی گۆنگرەکە لەگەڵ د. محەمەد ئەحمەد هاوڕایە و دەڵێ کورد خاڵی بەهێزی هەیە و دەتوانێ لەو کۆنگرەیەدا سودیان لێ ببینێ و بەکاریان بهێنێ: بێگومان کورد خاڵی بەهێزی هەیە و هەم خاڵی لاوازیشی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا کورد کاری لەسەر دەکات بریتیە لە جۆرێک لە ناوبژیوانی و پاراستنی تەوازن لەنێوان هێزەکاندا، من پێموایە ئەوە لە روویەکەوەیە کە کورد وایە یان ڕێگایەکی یاسایی بگرێتەبەر یان لە ڕێگەی گفتوگۆی سیاسیەوە ئەو بارودۆخە هێوربکرێتەوە و دۆسیەی ئەویش بەلایەکدا ببرێت.

د. محەمەد ئەحمەد بە پێچەوانەوە وتی: بڕواناکەم بەهۆی بونی هاشمی گرفتێکی وا دروست ببێ ئەسڵەن کۆنگرەکە بۆ ئەوەیە کە ئەو گرژیانەی لە بەرئەنجامی ئەو حاڵەتانە دروست بووە چاک بکات، من وانازانم ئەوە ببێتە گرفت لەبەردەم کورددا، ناوبراو پێشی وایە کە لەو کۆنگرە نیشتیمانیەدا باسی ئەو پرسەی هاشمی دەکرێ، بۆیە رایگەیاند: بڕواناکەم باس نەکرێ، چونکە ئەوە شتێکی ئاسایی نییە، بەڵام دەکرێ روپۆشێکی یاسایی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوە بە شتێکی تر چارەسەری ئەو قەیرانە بکرێ.

ئەو قەیرانانە جاری یەکەم نیە توشی عێراق دێ و بەهۆیەوە ئاڵۆزی سیاسی سەر هەڵدەدا، لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانیە عێراقیەکەی رابردوو عێراق توشی قەیران هات و بەمەش دروستکردنی حکومەت نزیکەی ساڵێک بەو هۆیەوە دواکەوت و لەو کاتیش دا بەهۆی دەستپێشخەری کوردەوە و لە ئەنجامی ڕێکەوتنی هەولێر لایەنەکان ڕێک کەوتن کە ئەو کات کورد لە میانەی ئەو دەستپێشخەریەدا وەرەقەیەکی (١٩) خاڵی پێشکەشی حکومەتی عێراق کرد بە ئومێدی جێبەجێ کردنی، بەڵام سەرەنجام جگە لە چەند خاڵێک هیچی تری لێ جێبەجێ نەکرا، لێرەشدا ئەگەری ئەوە هەیە کە دیسانەوە هەوڵەکانی کورد تەنیا ئامانج لێی هێورکردنەوەیەکی کاتی دۆخەکە بێ و وەکو خاوەن دۆزێکیش ڕەنج بەخەساربێ.

د. کەنعان مامۆستای زانستەسیاسیەکان لە زانکۆی سلێمانی لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ: هەر کۆنگرەیەک کە دەبەسترێ لە سەرەتاکەیدا جۆرێک لە چارەسەر و هێوربوونەوە دروست دەکات، بەڵام بۆ کاتێکی دیاری کراو و کورت ئەگەرنا هیچ یەکێک لەو ڕێککەوتننامانە دەبینین نابێتە هۆی چارەسەرکردنێکی ریشەیی بۆ کێشەکانیان، ریککەوتننامەی هەولێر لە کاتێکدا بوو کە جۆرێک لە تەوازن و جۆرێک لە باڵانس هەبوو لە نێوان هێزەکاندا کەچی جێبەجێش نەکرا، بۆیە ناوبراو دەڵێ: لەم بارودۆخەدا دەبینین حکومەتی مەرکەزی زۆر خۆی بە بەهێز نیشان دەدا، لەبەرئەوە باوەڕ ناکەم لەم بارودۆخەدا کە هەندێک هێز لە ئاستێکی لاوازدان بتوانرێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ لەڕێی کۆنگرەی نیشتیمانیەوە.

د. محەمەد ئەحمەد ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران ئاشکرای دەکات کە ئەوان وەکو ئۆپۆزسیۆنی کوردستان قبوڵیان نییە کە جارێکی تر کورد تەنها وەکو ناوبژیوانێک بچێتە نێوان لایەنەکان و کێشەکانیشی وەلا بنرێت: ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن بەتەماین بە دیدێکی ڕۆشن پرۆژەیەک ئامادە بکەین کە بڵێن قبوڵمان نییە کورد وەکو ناوبژیوانێک جارێکی تر بچێتە ناو ئەو مەسەلەیە و دەرئەنجام تەنها ناوبژیوانییەک بکات و کێشەکانی خۆی چارەسەر نەکرێ، وتیشی: لەبەرئەوە وەکو ئۆپۆزسیۆن بەهیواین پرۆژەیەک ئامادەبکەین بۆ رای گشتی و بەمەبەستی چارەسەری ئەو وەزعە کاربکەین کە فەعلییەن کورد ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئەو ئاشتەواییە لانی کەم بەشێک لە کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و بەغداشی چارەسەر کردبێ، هەروەها رونیشی کردەوە: ئەوان پرۆژەی جیا لە کۆنگرەکە پێشکەش ناکەن، بەڵکو پرۆژە پێشکەش بە دەسەلاتی کوردی دەکەن و فشار لەسەر دەسەڵاتی کورد دروست دەکەن بەوەی دەبێ کورد خۆی بە میکانیزمێکی گونجاو لەسەر ئەوەی کە بەشدار دەبن بەشێک بن لە چارەسەر کاری کێشەکانی خۆشیان.

ئەرشیف-ڕێکەوتنی هەولێر

دەربارەی بانکە ئیسلامیەکان

د.عەلی وەڵامێکی شەرعیی دەداتەوە

ئایا بانکە ئیسلامیەکان ئیستیغلالکردنی مسوڵمانانە؟!

پرسیار: ئایا لەو بڕوایەدا نین کە کاری بانکە ئیسلامیەکان ئیستیغلالکردنی مسوڵمانانە؟ بەتایبەتی لە بابەتی (مرابحە) (واتە فرۆشتنی شتێک بە سەرمایەکەی خۆی لەگەڵ بڕێک قازانج)دا، بانکەکان زۆربەی مامەڵەکانیان بەم شێوەیە، من هیچ جیاوازییەک نابینم لەڕووی مامەڵەوە لەگەڵ بانکە ریباکارەکاندا و، تەنیا جیاوازییان لە گرێبەستەکەدایە، من خۆم هەوڵمدا قەرز لە بانکێکی ئیسلامی بکەم، گرفتی زۆرم توش بوو، کە بەراوردم کرد، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بانکەکانی تردا نەبوو، تەنها جیاوازییەکە ئەوەیە کە دەمانەوێت و یژدانی خۆمان ئاسودە بکەین لەڕووی حەرام و حەڵاڵەوە.

جەنابی دکتۆر ئەگەر دەتەوێت بەراوردێکت بۆ بکەم، ئەوا من ئامادەم بۆت بنێرم، تەنها لەڕووی قەرزکردنەوە من لەو بڕوایەدا نیم کە خوای گەورە شتێکمان بۆ حەڵاڵ بکات زیانێکی تێدابێت، یان شتێک حەرام بکات کە سودێکی تێدابێت، سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێزتان؟

د.عەلی قەرەداغی بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە:

وەڵام: بێگومان ئێمە بەهیوای ئەوەین لە بانکە ئیسلامیەکان، کە شێوازی خزمەتگوزاریان بەرەوپێش ببەن و بەشێک بکەنەوە لە بانکەکانیاندا کە تایبەت بێت بە (قرچ الحسنە)، واتە بەبێ قازانج بدرێت بۆ حاڵەتی زۆر پێویست، بەڵام حاڵەتی (مرابحە) واتە فرۆشتنی شمەک بە نرخەکەی خۆی لەگەڵ هەندێک قازانجدا، بریتییە لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتن، کە ئەمەش شتێکی حەڵاڵە، ئەگەر مەرجەکانی خۆی تێدابێت، بەڵام قەرز لە بانکە تەقلیدیەکان بریتییە لە پێدانی پارە بەرامبەر بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، یان دیارینەکراو لە سوو، ئەمەش بە ڕای کۆمەڵێ لە زانایانی فیقهی هاوچەرخ بە سووی سەردەمی نەفامی دادەنرێت، ئەم پرسیارە لە سەردەمی دابەزینی قورئاندا کراوە، لە کاتێکدا کە ئیسلام سووی حەرام کردووە، ئەوانیش ئەمەیان بەلاوە ئاسان نەبوو، پرسیاریان دەکرد: ئایا بۆچی جائیزە شتێک نرخەکەی (١٠ درهەمە) بفرۆشتێت بە (١٢ درهەم)، بەڵام جائیز نییە (١٠ درهەم) بە (١٢ درهەم) بفرۆشێت؟ (پارە بە پارە، واتە ١٠ بە ١٢) لە بەرامبەر کاتێکدا؟ خوای گەورە وەڵامێکی عەقیدەیی دانەوە و ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە یاسادانان مافی خوای گەورەیە، پاشان وەڵامی دانەوە و فەرمووی: سوو ستەمە لە مافی خوا و مافی کۆمەڵگە، وەک دەفەرموێت (الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا)، ئەمەش باشترین وەڵامێک بوو، تەنانەت بۆ ئەوانیش کە ئێستا گومانیان هەیە لەسەر ڕۆڵی بانکە ئیسلامیەکان، چونکە (مرابحە) بریتییە لە فرۆشتنی شمەک بە کەم، یان بە زیادە، بەڵام سوو بریتییە لەوەی کە پارەیەکی زیادە دەخرێتە سەر قەرزەکە، کە ئەمەش حەرامە، لەلایەکی تریشەوە ئیسلام فەلسەفەیەکی ئابوری تایبەت بەخۆی هەیە، لە ئیسلامدا پارە هۆکارە، نەک شمەک، لە کاتێکدا لە ئابوریی سەرمایەداریدا پارە شمەکە. ئەوەش کە ئەو برایە دەیڵێت، کە هیچ سودێک لە (مرابحە)دا نییە و سودەکەشی وەک بانکە تەقلیدیەکان وایە، ئەمە ڕاست نییە، چونکە (مرابحە) دەتوانرێت لەسەر شمەک و عەقارات و کۆمپانیا و شتی تریش دابنرێت، لە فرۆشتنیشدا جوڵاندنی کۆمەڵێک دەستی کارە لە کارگەدا هەروەها لە گواستنەوە و بازرگانیدا، بەڵام قەرزدان بە سوو، ئەمە نە پێویستی بە کارگە و نە بە کرێکار هەیە و، بە هیچ شێوەیەک نە بازاڕ دەخاتە جووڵە، نە هیچ کارێک گەشە پێ دەدات.